# کورد و کوردستان لە نیگای چەند گەڕیدەیەکی ڕۆژئاواییەوە

**سەباح عەلی جاف**
**(زانکۆی گەرمیان - کۆلێژی پەروەردەی کەلار)**

ئێستا کوردناسی وەک بابەتێکی گرنگ لە ناوەندە ئەکادیمی و بەشە جیاجیاکانی زانکۆکاندا گرنگی پێ دەدرێت و بابەتێکی زیندووە وەک لقێک لە ڕۆژهەڵاتناسی، نووسەر و وەرگێڕە کوردەکانیش لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو زۆرتر و چڕتر بایەخیان بەم زانستە داوە و چەندین هەوڵ لەم ڕووەوە دەبینرێت بە ئامانجی ئاشناکردنی خوێنەر و نەوەی نوێ لەم ڕووەوە یەک لەو هەوڵە سەرەتاییانەیش بەرهەمێکی وەرگێڕدراوی ئەدیب و وەرگێڕ خوالێخۆشبوو شوکور مستەفایە و ئەم بەرهەمە (کورد و کوردستان لە نیگای چەند گەڕیدەیەکی ڕۆژئاواییەوە) دەکرێت لە بواری کوردناسیدا خوێنەری کورد سوودی لێ ببینێت.




ئەم بەرهەمەی وەرگێڕ کە لە نامیلکەیەکی (٦٣) لاپەڕەییدایە، لە بەرگێکی ڕازاوەدا چاپ کراوە کە لە تورکییەوە کراوەتە کوردی و بەر لە بەرایی لەم بەرهەمەدا باس لەوە کراوە کە بڕێک گەڕیدەی ڕۆژئاوایی کۆن کە بە ڕۆژهەڵاتدا تێپەڕیون بە کوردستاندا ئاودیو بوون و زۆر شتی گرنگی پێوەند بە وڵاتەکەیان بە کوردستانەوە یاداشت کردووە کە سەرەڕای هەندێک هەڵە هەرچییەکیان نووسیوە لە کوردستان نامۆ نییە، هەر لەو چەند دێڕەدا هاتووە " جارێ لە پێشدا دەمەوێت هاووڵاتییان لە شتێک وریا بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە کە باری هەندێک سەرنجی ئەم گەڕیدانە لەمەڕ باووباپیرانمان ڕوون نین و تێیان ناگەین و جێی سۆ و گومان و دڵشکێنن " و هەر لەم ڕووەوە ئەم کارەی گەڕیدەکان بەو شێوەیە دەبینێت کە نابێت هەر بۆ ئارەزوو و مێژوو و زانست کاری ئەوان تەماشا بکەین، بەڵکو دەبێت بۆ بیرکردنەوە بێت لە ڕابردوو و دۆزینەوەی ڕابردوومان بێت بە شێوەیەکی دروست، هەندێک لەو گەڕیدانە وەک (دێلاڤال) لەمەڕ کورد و (ڤۆڵنێی) لەمەڕ عەرەب و (نیبور) لەمەڕ هەر دوو نەتەوە بڕێک سەرنج و بڕیاریان بێ لایانانە یاداشت کردووە و هەر لەو چەند دێڕەیشدا ئەوەیش دەخاتە ڕوو کە سەرەڕای ئەوەی دەقەکانی وەک خۆی کردووە بە کوردی، بەڵام هەندێک جار وای پێویست کردووە کە ڕوونکردنەوە و زانیاری پێویست بخاتە ڕوو.

لە بەرایی ئەم بەرهەمەدا (کورد و

کوردستان لە نیگای چەند گەڕیدەیەکی ڕۆژئاواییەوە) باس لە پێوەندی مێژوویی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دەکات کە بۆ سەردەمی لە دایک بوونی عیسا و پێش ئەویش دەگەڕێتەوە و لەم کورتە توێژینەوەدا تەنیا باس لەو یاداشتانە کراوە کە لەسەردەمی کۆن و ناوەندا نووسراون، چونکە دەقی فرە کۆن زۆر کەمە، بێجگە لە ئاناباسیسەکەی گزنەفۆنی یۆنانی کە ٤٠٠ ساڵ پێش لە دایک بوونی عیسا بە دە هەزار سوارەوە بە خاکی بۆتاندا گەیشتوونەتە وڵاتی کاردۆکان. هەر لەم بەراییەدا باس لەوە دەکات کە ڕەنگە کاردۆخییەکان کورد نەبن و گورجی بن و ڕەنگە باپیرە گەورەی کوردەکان کیرتین kyrrten، سەرەتای پێوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەگەڵ شەڕی خاچپەرستەکاندا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەستی پێ کردووە کە مەسیحیەت و ئیسلام پێکدا هەڵپڕژان و ئەوروپای مەسیحی خاکی فەلەستین و سوریایان لە عەرەبی موسڵمان دەویست و عەرەبیش ئەو هێزەی حەوت سەدەی پێشوو نەبوون کە فتوحاتیان پێ دەکرد و ئەو دەمە تورکە سەلجووقییەکان و زەنگییەکان ئەو سەر زەمینەیان بەش کردبوو، بەڵام لە سەرەتای نیوەی سەدەی ١٢ـەوە کوردە ئەیووبیەکان بە سەرکردایەتی سەلاحەددینی ئەیووبی و ئەوانی دوای خۆی خاکی موسڵمانی لە دەستی خاچپەرستەکان پاراست و بەم شێوەیە کورد و تورکەکان وەک پرۆفیسۆر ف. مینۆرسکی دەڵێت خاکی موسڵمانان و قودسیان پاراست لە خاچپەرستەکان و بەم شێوەیە ئەم سەردەمە دەرگەی خستە سەر پشت لەم ڕووەوە.

کورد هەر وەنەبێت تەنیا بە سەرکردە و سەرباز خزمەتیان بە ئیسلام کردبێت، بەڵکو بە زانست و زانیاریش خزمەتیان کردووە بە جیهانی ئیسلامی وەک ئیبنولئەسیر و ئیبنوخەلەکان، بێجگە لەمەیش ئەمان چەندین مزگەوت و قوتابخانەیان لە میسر و سووریایش دروست کردووە.

بەشێکی دیکەی ئەم بەرهەمە تەرخان کراوە بۆ باری مێژوویی و کۆمەڵایەتی لە سەردەمی نوێدا و ئەم تابلۆیانەی کە نیگاری دەکێشین بۆ سەدەی ١٥ دەگەڕێتەوە، بە تایبەت ئەو کاتەی ئەوروپا بە سەردەمی ڕێنیسانسدا تێپەڕ دەبوو، ئەمەیش وای کرد کە پێوەندی ڕۆژئاوا لەگەڵ ڕۆژهەڵات دەست پێ بکاتەوە، ئەوە بە هۆی یەکەم گەڕیدەی ئەوروپای سەدەی نوێ (مارکۆپۆلۆ)وە، هەر ئەمەیش دەبێت بە سەردەمی کۆلۆنیالیزم، ڕۆژهەڵات ئەو کات لە تاریکی و نەزانیندا دەیناڵاند و سوڵتانە عوسمانییەکان وەک شا سەفەوییەکان، بێجگە لە هەندێک ئاسەواری میعماری گوێیان بە زانست و ئازادی و سەربەخۆیی نەداوە، هەر لەو سۆنگەیەوە هەندێک لە گەڕیدەکان بە چاوێکی سووکەوە ڕوانیویانەتە سەرانسەری ڕۆژهەڵات.

نابێت لەمە زویر بین و دەبێت هۆیەکەی بزانین کە هەندێک گەڕیدە هۆیەکەی دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە "عەرەب بیابانگەڕ و تەمەڵن و کورد جەردە و ڕێگرن و تورک تەنگەتێلکە و تووڕەن" و وەرگێڕ دەنووسێت بە ڕاستی ئەوانەی ناوی کوردیان بە خراپ ناوزەد کردووە کارگێڕ و هەمکاری تورک و عەجەمن و ئەو ناوزڕاندنە کە هەندێک گەڕیدە بێ پاک و پیس بەکاریان هێناوە کارێکی دوورە لە زانست و ئەقڵ، چونکە دزی و ڕێگری لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایش هەبووە، یان کە عەرەب بۆ بازرگانی بە کوردستاندا تێپەڕ بوون کە شاخ و تەنگەبەریان دیوە و کە بە زستان هاتوون هەر بە زگماک ترساون و بێ ئەوەی کەس ڕێگرییان لێ بکات دڵیان کرمێ دەبوو و دەترسان. شوکور مستەفا دەنووسێت لە هیچ گەڕیدەیەکم نەبیستووە و نەمخوێندووەتەوە بنووسێت لە کوردستان ڕووت کراومەتەوە و وەک (ئارشاک سافرستیان) نووسیویە لە بوختان و ناوزڕاندن زیاتر هیچی دیکە نییە، بەڵام نابێت ئەوە لەبیر بچێت کە پاش ڕووخانی دەوڵەتی ئەیووبی کوردستان لەتوپەت کرا و بوو بە چەندین میرنشین کە ئەو میرانە بۆ خۆپاراستنی خۆیان لە دوژمنان، بە تایبەت مەغۆل و عوسمانی و سەفەوی کەوتنە خۆ و بۆ خۆپاراستن زۆرێکیان دایانە پاڵ عوسمانییەکان و هەندێکی دیکە دایانە پاڵ سەفەوی.

میرە کوردەکان کە سەربەخۆ دەبوون دەستیان دەکرد بە دامەزراندنی شارستانیەتی خۆماڵی و (ئەولیاچەلەبی) لە سەدەی ١٧دا ئەو ڕاستییەی بە جوانی بۆ یاداشت کردووین و ئەگەر کورد لەو دوو زلهێزە یاخی بوایە، ئەوە ئەوان بە یاخی و ڕێگر کوردیان ناوزەد دەکرد و ئەولیا چەلەبی زۆر بە ڕوونی باسی ئەو پێشکەوتن و شەڕ و شۆڕەی ئەو کات دەکات.

زۆربەی کورد لە ڕووی

کۆمەڵایەتییەوە لە سەروبەندی ڕێنیسانسدا نیشتەجێ بوون کە زۆربەیان ڕەوەند بوون کە ڕەوندی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی زۆرتر بوون و شارەکان ڕەوند و نیوە ڕەوندیان بە چاوێکی سووک سەیر دەکرد و لە هەمووی سەیرتر لە ڕۆژهەڵات کوردی ڕەوەند و شارنشینیان بە ڕەوەند زانیوە و لەوەیش زیاتر کوردیان بە دڕ و یاخی و ڕێگر کە ئەم تێڕوانینانە زۆر مێژینەن، وەرگێڕ لەم ڕووەوە نموونەیەک دەهێنێتەوە کە تەبەری مێژوونووسی گەورەی موسڵمانانی سەدەی ١٦ ی کوردی بە (ڕەوەندی عەجەم) نووسیوە کە ئەمە لە دوو ڕووەوە هەڵەیە لە لایەک تەبەری بڕێک تیرەی دیکەی وەک (بلوج و دەیلەم و قورجی) بە کورد داناون و لە لایەکی دیکەوە کوردە نیشتەجێکانی گوند و شارەکانی لە یەک جیا نەکردووەتەوە، لە کاتێکدا لە فتووحاتی ئیسلامیدا چەندین شاری کوردنیشین هەبوون وەک (کرماشان، شابور، کوارت و هەمەدان) و وەرگێڕ دەنووسێت ئەم پێشەکییە بۆ ئەوەیە کە هەڵە و نێتی گەڕیدەکان بزانین و نرخیان بۆ دابنێین و لێرەدا گەڕیدە ڕۆژئاواییەکان باس دەکەین کە بە کوردستاندا تێپەڕیون.

ئەو گەڕیدانەی کە لەم بەرهەمەدا هاتووە بریتین لە (بازرگانێکی بێ ناوی ڤەنەدیکی، میستەر ئافۆتس، پیترۆ دێلاڤال، تاڤێرنەر، تیڤێنۆت، چاردین، کریستین نیبۆر) کە لە سەدەی ١٦ و ١٧ و ١٨ دا ژیاون کە بە ڕەگەز ئیتاڵی و پورتوگالی و ئەڵمانی... بوونە کە هەندێکیان بە کورتی و هەندێکیان بە درێژی لەسەریان دواون بەم شێوەیە:

**یەکەم:** گەڕیدەکانی سەدەی ١٦:

(١) بازرگانێکی بێ ناوی ڤەنەدیکی: ئەم گەڕیدە بێ ناوە ئیتاڵییە لەسەردەمی شا سمایلی سەفەوی لە سەدەی ١٦دا بە کوردستاندا تێپەڕ بووە، بێ ناو لە یاداشتەکانیدا بە کورتی وەسفێکی کۆشک و تەلارەکانی میری بەدلیس دەکات، هەروەها دەنووسێت شا سمایل هێرشێکی بردووەتە سەر ئەو میرە، بەڵام دواجار بۆ شارێکی دیکەی عوسمانی کشاندوویەتییەوە.

(٢) میستەر ئافۆنس: ئەم گەڕیدە پورتوگالییە کە لە ساڵی ١٥٦٥ ز لە گەشتێکی هندستاندا بە کوردستاندا بە بەدلیسدا تێپەڕ دەبێت و وەسفێکی کورتی ئەو ناوچەیە دەکات، لەوەی کە لەسەر شاخێکی بەرزە.

**دووەم:** گەڕیدەکانی سەدەی ١٧:

١- پیترۆ دێلاڤال: ئەم گەڕیدە ئیتاڵییە لەسەرەتای سەدەی ١٧دا سەرانسەری ڕۆژهەڵات گەڕاوە بۆ ئارەزوو و یاداشتەکانی بە نامە بۆ دۆستێکی لە ئیتاڵیا نووسیوە، وەرگێڕ دەنووسێت ئەوەی کە دیومە لاوەکین، بەڵام تا بڵێیت بە ڕاستگۆیی و ئەم گەڕیدەیە لەمەڕ لایەنی تەندروستی و هەژاری خەڵکی نووسیوە.

ئەو کاتەی کە لە ئەستەنبوڵ دەبێت خانی بەدلیس دەبینێت و ئەو دیمەنانەمان بۆ تۆمار دەکات کە خان هاتووە بۆ وەرگرتنەوەی ئەو زەوییانەی کە لێی وەرگیراوەتەوە، سەردەمی سوڵتان ئەحمەد تورک و عەجەم لە شەڕێکی قورسدا بوونە و خانی بەدلیسیش کە بە هێز بووە و سوڵتان داوەکانی بۆ جێبەجێ کردووە لەبەرانبەریشدا سوڵتان سوپایەکی بۆ شەڕی سوڵتان ئامادە کردووە و دێلاڤال ئەو ڕووداوە بە جوانی دەگێڕێتەوە.

دێلاڤال لەساڵی ١٦١٦ ز دەچێتە بەغدا و بە خراپی هەندێک شت لەسەر عەرەب باس دەکات و لەوێ کیژێک بە ناوی (مەعانی) دەناسێت و دەیهێنێت کە دەنووسێت باوکی ئەم کچە لە ئاسوورییەکانی سوریا دەبێت و لەشەڕ و هەرایەکدا لە ماردین کوردەکان دەیکوژن، دێلاڤال و مەعانی و ژنە شیرینەکەی و چەند نۆکەرێک لە بەغداوە بەرێ دەکەون بۆ کوردستان بەسەر (قەسری شیرین و جەنگی قۆناخ "زەنگ ئاباد " و هاروون ئاباد و پردی زەهاو سەعد ئاباد...) دەگەنە هەمەدان و دێلاڤال لەبارەی قزڕەبات دەنووسێت " دوا قۆناغی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییە " و بەم شێوەیە باس لەو گەشتەی دەکات بە کوردستاندا کە میرە کوردەکە ناوی ئەحمەد، یان محەمەدە و کوردێکی زۆری لێیە و لە وەسفێکی قەسری شیریندا باس دەکات لەوەی کە ژن و پیاو لێرە تێکەڵن و کوردان بە بار خواردەمەنییان دەهێنا و لە زەنگ ئابادا بەفر تێدەکات، دێلاڤال باس لە کوردەکانی ئەوێ دەکات کە سەرۆکەکەیان ناوی سوڵتان کازم بووە و لەوێ بەفرێکی زۆر دەبارێت.

لەگەشتەکەیاندا دێلاڤال و ژنەکەی دیدەنی ژنێک دەکەن لە قەسری شیرین بە ناوی (خورەم سوڵتان) کە پیاوەکەی لەماڵ نابێت و خوانێکی کوردەواریانەیان بۆ ئامادە دەکات و لێرەدا ئەم گەڕیدەیە وەسفی دانیشتوانەکەی دەکات کە دەڵێت شارەکە لە شوێنێکی تەنگەبەردا بوو

که ناوی شیرین بووه و لەوێ شەوێ خواردنی خۆشیان پێ داین و ژن و پیاو بە جیا دادەنیشتن و خواردنەکە زۆر سادە و کوردەواریانە بوو، بەڵام زۆر گەرموگوڕ و شارستانیانە بوو، هەر لەم گەشتەدا دێلاڤال باسی شەوێکی دیکەمان بۆ دەکات لە شاری پردی شا بەفر لێیان تێ دەکات و بەهەمان شێوە لێرەیش خزمەتی زۆر دەکرێن و لەوەسفی کورداندا باسی دەکات " خەڵکەکەی تا بڵێیت پیاوی چاک و بە دەست و دڵ و نانبدە و جوامێر و شارستانین " و بەم شێوەیە ئەم گەڕیدەیە وەسفی زۆر شوێن و جێگە و خەڵکی کوردستان دەکات و بەجۆرێک باس لە جێگەی کورد دەکات کە کوردستان، یان زێد و نیشتمانی کورد ئێران لە تورکیا جیادەکاتەوە و هەر ئەم گەڕیدەیە باس لە زمانی کوردان دەکات کە جیاوازە لە عەرەب و عەجەم، بەڵام لە زمانی دەشتەکی فارسی نزیکە و لە وەسفی ژیانی ئابووریدا باس لەوە دەکات کوردەکان زۆربەیان شوانکارەن و بە ڕانە مەڕەکانیانەوە گەرمیان و کوێستان دەکەن و هەندێکی دیکەیان شارنشینن و دەسەڵاتدارەکانیان سەر بەهەردوو قەڵەمڕەوی ئێران و تورکیان و میرە بەهێزەکانیان هەندێک جار وەک چۆن میرەکانی ئێمە لە ئیتاڵیا دەیکەن سەربەخۆ دەبن، سەبارەت بە خانووەکانیان دەنووسێت کە خانووی ئەمان لە تورک و عەجەمان دەچن، بەڵام گەورە و فراونترە و لە باسی پێگەی ژنیشدا دەڵێت " ژنەکانیان لە شارەکاندا سەربەخۆن، بەبێ پەچە و چارشێو دەگەڕێن و دەتوانن لەگەڵ پیاوی بیانی و نامەحرەمدا بێ پەروا یەکدی ببینن و قسە بکەن " و سەبارەت بە ئایین کورد سەر بە ئایینی حەزرەتی محەمەدن و بۆ دەسەڵاتداریش باس لەوە دەکات کە شاری دوو ئاوانی دیازینا "جزیر" بە دەست میرێکی کوردەوەیە و بەم شێوەیە، لە وەسفی مەسیحییەکانیشدا دەنووسێت " مەسیحییە کلدانییەکانی سەر بە مەزهەبی نەستووری و یاقووبی لەژێر دەستی کورداندان... ".

(٢) جین باپتیست تاڤێرنەر (١٦٠٥ - ١٦٨٩) ز: ئەم بازرگانە نەخشەی جوگرافیایی و قوماش و بەردی بەنرخی دەفرۆشت، لە سەدەی ١٧دا چەندین گەشتی بۆ ئێران و تورکیا و هندستان کردووە، ئەو نووسینانەی کە لەساڵی ١٧١٨ز بڵاوکراوەتەوە بە ناوی (شەشەم سەفەری ج ب تاڤێرنەر)، ئەم بازرگانە بە سێ ڕێگەی جودادا بە کوردستاندا تێپەڕ بووە:

أ- ڕێگەی مووسڵ کە بە هەولێر و دەشتی شارەزوور و قەسری شیرین و هەمەدان و لەوێشەوە بۆ کەنداوی عەرەب و هندستان.

ب- ڕێگەی بیرەجگ کە دەگاتە تەورێز و ئازربایجان و بەزۆری شارە کوردنشینەکانی کوردستانی تورکیا و ئێران دەگرێتەوە.

ج- ڕێگەی ئورفە کە بەسەر هەکاری و کوردستانی ناوەندا دەگاتە تەورێز.

تاڤێرنەر لە باسی کوردا قسەکانی ڕەقن بەو پێیەی کە پێی وایە کوردان لە قسان تێناگەن و ملهوڕ و دز و ڕێگرن و هەر بە سروشت ئاشقی ئازادی و سەربەخۆیین و ئازا و ئیشکەرن و لە وڵاتێکدا دەژین پڕە لە خێر و بێر، دواتر بە شێوەیەکی درێژتر باس لەو سێ ڕێگەیەی سەرەوە دەکات و وەسفێکیان دەکات بەم شێوەیە:

أ- مووسڵ عەرەب و مەسیحی لێ دەژین و شتێکی ئەوتۆ لە مووسڵدا نییە کە شیاوی دیتن بێت، ئەوەنەبێت کە ئەم شارە لە ڕووی بازرگانییەوە بە دەست کورد و عەرەبەوەیە و بازرگانە کوردەکان لە ئاسووری کۆن کە ئێستا کوردستانی پێ دەڵێن دەژین و لێرە (مازوو) زۆرە کە لە پیشەسازی بۆیەدا بەکار دێت و بۆ ئەوروپا دەنێردرا، تاڤێرنەر لە مووسڵ بازرگانێکی کورد بە کرێ دەکرێت و دەیکاتە سەرکاروانەکەی، ئەمەیش بە هۆی ئەوەی وەک خۆی دەڵێت " سەرەڕای ئەوەی ئەم خەڵکە بە تێکڕا دزن و پێویستە لە چاو غافڵ نەکرێن، ئەم بازرگانە کوردەم بە کرێ گرت، چونکە ئەمە پێداویستییەکی سیاسیانە بوو بە وڵاتەکەیاندا تێپەڕ دەبووم " و لە وەسفی ئەم ناوچەیەدا باس لە شاخەکان و جوانی ئاو و سروشتەکەی دەکات و لە باسی شاری شارەزووردا ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەم شارە لە شارەکانی دیکە ناچێت و لە ناو بەردی سەختدا هەڵشاخاون و بە بیست پلەکانە بۆ ماڵەکان سەردەکەویت و لە وەسفی خانووەکاندا ئەوە باس دەکات کە خانووەکان زۆر مەحکەمن، ڕەنگە ئەمەیش بۆ ئەوە بێت تا لە دەستی عەرەب دوور بن و لە وەسفی سروشتەکەیدا دەنووسێت " تەنیا بە چیای دار مازووی جواندا ئاودیو دەبووین، ئەم وڵاتە پڕ بوو لە مامز و بەراز و کەڵەکێوی...تاد".

ب- ڕێگەی سیوەرەک - دیاربەکر - بەدلیس - وان - مەرەند -

تەوریز کە بەشێوەیەکی کورت باسێکی ئەو شارانە دەکات وەک ئەوەی کە سیوەرەک شارێکە کەوتووەتە ڕۆخی ڕووبارێک کە دەڕژێتە نێو فوراتەوە، دیاربەکر شارێکی گەورەیە وەک نیوە مانگێک لە ڕاستانی لای ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە هەڵکەوتووە و شوورەکانی تا ناو ڕووبارەکە وەک شاخ داکشاون و لە دەرەوە ٧٢ بورجی بەدەورەوەیە و بەشێوەیەکی جوان وەسفی ئەم شارە دەکات. لە باسی شاری بەدلیسدا دێتە سەر باسی ئەوەی کە میری ئەم شارە بە لای کام لە سوڵتان و شادا بدات ئەوە دەتوانێت ڕێگەی حەلەب و تەوریز بگرێت و بەشێوەیەکی تا ڕادەیەک ورد باس لە بەدلیس و ناوچەکە دەکات و تاڤێرنەر لە باسی مانەوەی لە واندا باس لەوە دەکات کە میر زانیویەتی فەرەنگێک لە شاردایە بە شوێنیدا دەنێریت و خۆی وتەنی حەزی بە دیداری گەورەکان نەبووە، چونکە دەبوو دیاری گرانیان پێ بدات، بەڵام بە ناچاری چووە کە دیاری باشی بە میر داوە و میریش لە بەرانبەردا دیاری پێ داوە، لە وەسفی شارەکانی دیکەدا چەندین بەسەرهات و دیمەنمان بۆ تۆمار دەکات کە بەشێوەیەک ئەو شوێنانە بە جوان و کەیف خۆش وەسف دەکات.

ج- ڕێگەی جەزیرە - ئامێدی جوڵەمارک، سەڵماس - تەوریز بە هەمان شێوەی بەشەکانی دیکەیش لێرەیشدا وەسفی ئەو شارانەی دیکەیش دەکات کە کەوتوونەتە سەر ئەم ڕێگەیش کە جەزیرە بە شارێکی بچووک وەسف دەکات و مەڵبەندی کڕین و فرۆشتنی مازوو و توتنی کوردستانە و ئەم شارە میرە کوردێک بەسەریدا حوکم دەکات و ئەو لە وەسفی مازووی کوردستاندا باس لە چاکی جۆرەکەی لە چاو شوێنانی دیکەدا دەکات "نیو کیلۆ مازووی کوردستان سێ هێندەی مازووی وڵاتانی دیکەیە "، بە هەمان شێوە وەسفی شوێنەکانی دیکەی کوردنشین دەکات لەم ڕێگەیەدا، تاڤێرنەر لە باسەکەیدا بە خراپیش باسی عەرەب دەکات کە لەو ڕێگایانە بینیونی.

٣- جین دی تێڤێنۆت (١٦٣٣ - ١٦٦٧) ز: ئەم گەڕیدەیە بۆ یەکەم جار لە ١٦٥٥ ز گەشتێکی ڕۆژهەڵاتی کردووە و یاداشتەکانی ئەم گەشتەی لە پێنج بەشدا بەسەر دێری (گەشتەکانی تێڤێنۆت) لە پاریس چاپ کردووە، دووەم گەشتی لە ١٦٦٣ ز دەست پێ کردووە و لەم گەشتەدا بۆ ئەوەی کوردستانی ڕۆژئاوا ببینێت لە حەلەبەوە ڕاست بەرەو ئورفە بەڕێ دەکەوێت و لەوێشەوە دەچێتە ماردین و مووسڵ و لەوێشەوە بە کەڵەک لە ڕێگەی دیجلەوە دەگاتە بەغدا و هەر لەوێشەوە بە ڕێگەی مەندەلی دەچێتە ئیسفەهان و لەوێشەوە بۆ هندستان.

ئەم گەڕیدەیە گەشتەکەی زۆر بە وشک برین باس دەکات و زۆرتر باسی ڕێگە و بانەکان دەکات و لە هەوەڵی بەهاردا لە ئورفەوە بۆ مووسڵ دەچێت و لەوێ هەندێک شوێنەواری کۆنەشار و کڵێسا و هەندێک هۆزی کورد و عەرەب دەبینێت و لێرەدا لەسەر هەندێک سەرەتاکانی ئیسلام سوودی زۆر وەردەگرێت، ئەو زانیارییانە زۆرتر بۆ بوونی مەسیحی بووە لەو ناوچەیەدا کە دەنووسێت پێش فتووحاتی ئیسلام لە ناوچەکانی ئورفە و مووسڵ و ماردین و نەسیبین مەسیحی بوون و بە زمانی سریانی قسەیان دەکرد، پاش هاتنی ئیسلام ئەم خەڵکە بە هۆی عەرەبەوە وردە وردە تواونەتەوە، ئەم ڕەگەز تواندنەوە لە لایەن کوردەکانەوە کە تووشی مەسیحییەکان هات لەسەردەمی میرنشینی مەروانییەوە بووە، تێڤێنۆت باس لەوە دەکات کە کاروانچییەکان بە شەوان هەندێکیان لەسەر کەڵەک و هەندێکی دیکە لەسەر وشکانی دەخەون و عەرەبەکان زۆر شارەزان بە دزی کردن لە بارەکان.

ئەم گەڕیدەیە سەبارەت بە کورد دەڵێت " کورد زۆر عاشقە چەک و سیلاحن، ژیانیان کەم و زۆر وە ژیانی عەرەب دەچێت... " و لە باسی سروشتی کوردستاندا باس لە چیاکانی کوردستان و جەنگەڵیان دەکات کە دارەبەن و داربەڕووی زۆرە.

٤- جین چاردین (١٦٤٣ - ١٧١٣) ز: ئەمیش قەڵمچییەکی گەورە بوو، بەردی بە قیمەتی دەفرۆشت و لە ساڵی ١٦٦٤ ز ڕوخسەتنامەیەکی لە شای ئێرانەوە پێ دەگات و نێوانی لەگەڵ شادا زۆر باش بووە و گەشتی بۆ هندستان کردووە و زۆر لە ئێران بە تایبەت لە ئیسفەهان ماوەتەوە، ئەم گەڕیدەیە کە زۆر شارەزای ئێران بووە و نازناوی (شۆڤالیێ) هەبووە و دواتر یاداشتەکانی لە ساڵی ١٧١١ ز بە ناوی (گەشتەکانی شۆڤالیێ چاردین لە ئێران و وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵات) بە فەرەنسی چاپ کردووە، سەبارەت بە کورد هەندێک

تێبینی سەرپێیی باس دەکات و زانیارییەکانی زیاتر بیروباوەڕی جوولەکە و مەسیحییان پێ لێک داوەتەوە و تەوریزی بە ئەکبەتانی پایتەختی کۆنی میدیا و عیراقی عەرەبی بە بابل لە قەڵەم داوە و زۆر بە کورتی باسی کورد دەکات کە هەندێک جار کوردستان کلدییە.

**سێیەم/** گەڕیدەکانی سەدەی ١٨:

١- کریستین نیبۆر (نیوەی دووەمی سەدەی ١٨): وەرگێڕ نیوەی بەرهەمە وەرگێڕاوەکەی بۆ ئەم گەڕیدەیە تایبەت کردووە و بە درێژتر لەوانی دیکە باسی کردووە، نیبۆر بە ڕەگەز ئەڵمانییە و زۆرتر زانیارییەکانی گشتگیرترە و یاداشتەکانی بە سەردێڕی (گەشتی عەرەبستان و وڵاتە دراوسێیەکانی) بە ئەڵمانی چاپ کردووە و دواتر لە ساڵی ١٧٨٠ ز وەرگێڕراوەتە سەر زمانی فەڕەنسی.

نیبۆر لە هندستانەوە بە ڕێی کەنداوی بەسرەدا دەگەڕێتەوە. لە باشوور دیدەنی شیراز دەکات و دواتر بە کەرکووک و ئاڵتوون کۆپری و هەولێردا دەگاتە مووسڵ و دواتر دەچێتە دیاربەکر و ئورفە و دواتر حەلەب، وەک خۆی باسی دەکات زۆر نەچووەتە شاری نێو شاخەکان و ئەوەی کە دیویەتی خەڵکی تێکەڵی موسڵمان و عیسایی بوون، ئەم گەڕیدەیە زۆر بە وردی شتەکان باس دەکات و زۆرتر لەسەر عیساییەکان دەدوێت و بۆخۆی کوردستانی ئێرانی نەدیوە و قسەکانی زیاتر پشتی بە دەماودەمی بەستووە و زۆرتر باسی کوردستانی عیراق دەکات و کە باسی کوردستانی باکوور دەکات ئەوە نەیدیوە، بەڵکو بۆیان باس کردووە و ئەم زۆر باش لە کێشەی نێوان میرە کورد و عوسمانییەکان تێدەگات و لەم ڕووەوە چەند نموونەیەکی بەرەنگاری میرە کوردەکان دەهێنێتەوە.

لێرەدا دەکرێت گەشتەکەی نیبۆر بەم شێوەیە کورت بکەینەوە:

(١) بەرهەم هێنان: لە وەسفی بەرهەمی ئەو کاتی کوردستاندا باس لە بەرهەمی مازوو دەکات کە بە زۆری چووە بۆ حەلەب و لەوێشەوە بۆ ئەورووپا و حەلوا لە جیاتی شەکر بەکار دێت، بێجگە لەمانە لۆکە و برنج و تووتن و ترێ و هەنجیر بەرهەم دەهێنرێت.

(٢) زمان: سەبارەت بە زمانی کوردی ئەوە خەڵکی ژێر دەسەڵاتی میرەکان زمانی زگماکی خۆیان بەکار دێنن و دەڵێت ئەم زمانە سێ شێوەی هەیە (لە قەلاچۆلان کە قسەی پێ دەکرێت بەرەو فارسی، ئەوەی لە کۆیی پێی دەخاوتن مەیلەو کلدانییە، ئەوەی لە تورکیا پێی دەخاوتن مەیلەو تورکییە "، بەڵام وەرگێڕ ئەمە بەهەڵە دەزانێت، چونکە پێی وایە کە ئەم گەڕیدەیە ئەمانەی لە قەشە گارزۆنییەکانەوە وەرگرتووە کە قەشە گارزۆنی لە ساڵی ١٧٨٧ ز بە فەرمانی کەنیسەی کاسۆلیکی ڕۆمانی کتێبێکی بە ناوی (ڕێزمان و فەرهەنگی زمانی کوردی) نووسیوە کە یەکەم کتێبە لەو ڕووەوە، بەداخەوە هەڵەی زۆری تێدایە.

(٣) کارگێڕی و سیاسی: کوردستانی قەلاچۆلان ناوچەیەکی گەورەی سەر بە سوڵتانی عوسمانییە و پاشا کوردەکان وەک پاشا تورکەکان سەیر ناکرێن، پاشا کوردەکان لە کێبەرکێدان بۆ بەدەست هێنانی پلە و دەسەڵات، بەمەیش بەردەوام لە ململانێدان، لە درێژەی فەرمانڕەوا و میرە کوردەکانی دیکەدا باس لەوە دەکات کە میرە بچووکەکانی دیکە سەر بە پاشای بەغدا نین و سەربەخۆ و ئازادن، ئامێدی قەڵایەکی بچووکە کە پاشایەکی هەیە بە ناوی بەهرامە و لە بنەماڵەی بادینانە و لەم باسەدا باسی دەسەڵاتداریەتی زۆر میری دیکەی کورد دەکات وەک (بایەزیدیش پاشایەکی هەیە، هەولێر و ئاڵتوون کۆپریش بەدەست پاشا کوردەکانەوە بوونە ،فەرمانڕەوای نسیبین میرە کوردێکی سەر بە تورکە، نیبۆر جەزیرەی نەدیوە کە سەر بە میری بۆتانە، لە بارەی میدیاتەوە باس لەوە دەکات کە چیای میدیات، یان چیای تۆر بە زۆری کورد و ئێزدی لێ دەژین و هەموویان بە زمانی کوردی قسە دەکەن.

(٤) نیشتەجێ بوون: لێرە ئەوی پێی بوترێت شار و نیشتەنی نییە، تەنانەت قەلاچۆلانیش شارۆکەیەکی خراپە، لە بەشی باشووری کوردستان شوێنێک هەیە شاهرەزوور (شارەزوور)ی پێ دەڵێن و گوڵعەمبەر مەڵبەندێک بووە لە نێوان کۆیە و کەرکووکدا، بێجگە لەمەیش ناوی هەریەکە لە (بازیان، مەرگە، دوین، بلباس، ڕەواندز...تاد) دێنێت، ناوی دیاربەکر کە ناوی کۆنی ئامادە ژمارەی دانیشتوانی ملیۆنانە، یان سەد هەزارە کە بەلای نیبۆرەوە هەر سەد هەزارە و ئەم شارەی لە ڕووی گەورەییەوە بە شارە گەورەکانی ئەورووپا چواندووە و بە شێوەیەکی جوان وەسفی ئەم شارە دەکات کە شارەکە پڕە لە خەڵک و قەرەباڵغە.

٥- ئـایـین و مــــــــەزهـەب: موسڵمانەکانی شاری مووسڵ هەموو سونی مەزهەبن، ئێزدییەکان کوردن و بێ ئەوەی کـەس توخنیـان بکـەوێت لەسەر ئایینی کۆنی خۆیانن، هەرچی مـەسـیـحـیـیـە نەسـتـووری و یاقـوبـیـیـەکـانـن ١٢٠٠ خـێـزانن، موسڵمان و مەسیحییەکان بەیەکەوە بە بێ کـێـشـە دەژین، مـاردین سێ هەزار مـاڵێک دەبێت، ئەمـانە ٣/٢ موسڵمانی سونی مەزهەبن و ٣/١ یان مەسیحی یەعقووبین، خەڵکی دیاربەکر لە ٢٥ ٪ی مەسیحییە و ئەوی دیکەی موسڵمانە.

٦- هۆزەکـانی کـورد: هۆز و عەشرەت و بنەماڵە بەناوبانگەکانی چیای شەنگال (گاباری، شێخانی، دژانەوی، خارکێ، دەننەدییەکان) یەکـــەم و دووەمی ئەو هۆزانە موسڵمانن و ئەوانی دیکە ئێزدین و زۆربەی ئێزدییەکان لە ئێزدییەکانن، نیبۆر سەبارەت بە عەشرەت و خێڵە ڕەوەندە کوردییەکانی جەزیرە باس لەوە دەکات کە هۆزە گرنگەکانی کـــورد لەم هەرێـــمـــەدا بە شـێـوەتەکـانیـانەوە بەردەوام لە کۆچڕەودان و هۆزە بەهێزەکـانیـان (کـیـکی، مـیـللی، سـادیالی، مووسەیان)، بێجگە لەمان عەشرەتی (تەی) عـەرەب دەژین، یەکـێـک لە کارە گرنگەکانی ئەم گەڕیدەیە ئەوەیە کە نەخشەیەکی کێشاوە و ناوی هۆزەکانی تێدا خستووەتە ڕوو.

بەم شێوەیە ئەم گەڕیدەیە باسی زۆر شاری دیکەی کوردستانی وەک ئورفـە و حـەلەبی کـردووە و لە زۆر شـتـان دواوە و لەو ڕێگەیەدا کـە لە نێـوان ئورفـە و حـەلەبدا تووشی سوارەیەک و سێ پیادە دەبێت و ئەو ڕووداوەمـان بۆ تۆمـار دەکـات کـە بە قسەی ئەو، ئەو کەسانە ویستوویانە ڕووتیان بکەنەوە، بەڵام وەرگێڕ لەمە بە گومانە و پێی وایە کە نیبۆر هەر بۆ خۆی ئەوەی دروست کردووە، وەک خـۆیشی دەنووسـێت " ئەم جـۆرە ڕووداوانە لە ئەورووپایشـدا زۆر ڕوو دەدەن و خۆ وەنەبێت شتێکی سەیر بێـت "، هـەر لـەم ڕووەوە بـاس لـە چەند لیستێک کراوە نیبۆر لای بووە ناوی چەندین هۆزی ئەو ناوچانەی تێدا بووە کە ئەم لیستانە سەرەڕای کـورتی دەکـرێت بە سـوود بێت لە بوونی ناوی چەند هۆزێک.

وەرگـێـڕ وەک خۆی دەڵێت بە هۆی باسی دیاربەکـر و کـوردسـتـانەوە ئەوەی کە (فـۆن هامەر) لە مـێـژووی عـوسـمانیدا لەسەر کورد نووسویەتی بیـکات بە کـوردی کـە باسی مـەلا ئیـدریسـی بەدلیـسـی و کـارەکـەی دەکات بۆ کۆکردنەوەی کوردەکان لە دژی شای سەفـەوی و کوردەکان ئەو ئاواتەی سوڵتان سەلیم بەدی دێنن و پاش شەڕی چالدێران کوردەکان دژی سـەفـەوییـەکـان ڕادەپەڕن لە زۆر جـێـگەدا، بەم شـێـوەیە بە درێژی وەرگـێـڕ ئەو باسـەی فـۆن هامەری وەرگـێـڕاوەتە سـەر زمـانی کـوردی و باسی لە دیاربەکـر و پـێـکهـاتـە و ژیانی خـەڵکەکـەی کـردووە، لەگـەڵ خستنە ڕووی هەندێک پەراوێزدا.

بە گـشـتی ئەم بەرهەمـەی وەرگـێـڕ شوکور مستـەفا (کورد و کوردستان لە نـیـگـای چەنـد گـــەڕیدەیـەکی ڕۆژئاوایـیـــەوە) دەکـــرێت وەک بەرهەمێکی بە سوود سەیر بکرێت و خـوێنەر لە بابەتی کـوردناسـیـدا سوودی لێ وەربگرێت.

ســەرباری ئەم کـــارە جـــوانەی وەرگێڕ، بەڵام خوێنەر لە خوێندنەوەی ئەم بەرهەمـەدا هەندێـک سـەرنجی لا دروست دەبێت کە دەکرێت هەندێکی بخـەینە ڕوو لەوانە بەداخـەوە ئامـاژە بە سـەرچاوە ئەسـڵـییەکە نەدراوە کە بەرهەمـەکەی لێوە وەرگـێـڕراوە، واتا ناو و ناوونیـشـان، هەروەها وەرگـێـڕ زۆر جار تێبینی و بۆچوونەکانی خۆی تێکەڵی بابەتە وەرگێڕراوەکە کردووە کە خوێنەر سەری لێ دەشێوێت لەو ڕووەوە کـە دەکـرا لە پەراوێزدا ئەو تێـبـینیـیـانە بخـرایەتە ڕوو، ئەمـە و نەبوونی هیـچ لە وێنە و نەخشـە، کە مـن بۆ خـــۆم نازانم تـا چـەند لـە سـەرچاوە ڕەسـەنەکـەیدا هەیە کـە بەداخەوە لە وەرگێڕدراوە کوردییەکەدا نابینرێت، کە دەکرێت ئەم سـەرنجانە بە هەند بۆ خـوێنەران وەربگـیـرێن و درووود بۆ گـیـانی پاکی شـوکـور مستـەفای وەرگێڕ کە سەرەڕای ئەم بەرهەمـە چەندین بەرهەمی بەپێـزتری بۆ کردووین بە کوردی.

.........

**ناوی بەرهەم: کـورد و کـوردسـتـان لە نیگای چەند گەڕیدەیەکی ڕۆژئاواییەوە.**
**شوکور مستەفا لە تورکییەوە کردوویەتی بە کوردی.**
**دەزگای چاپ و بڵاوکرادنەوەی ئاراس لە دووتوێی ٦٣ پەڕەی قـەبارە بچووکدا چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.**
**لە ساڵی ٢٠١٠ ز لە هەولێر بە تیراژی ١٠٠٠ دانە چاپی یەکەمی کراوە.**